# سۆسكەی لیریكا

# لە شیعری كوردیدا

عادل محەمەدپوور

لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی لە هەوڵەكانی شیتەڵكاری جوانی ناسی شێعری كوردی دا، بە شوێن ئەم پرۆژەدا وەك پرسی سەرەكی وێڵ بووم، ئاخۆ رەمزیماننەوە و بزاوتوویی و دینامیكێتی شێعری كوردی هەورامی چییە كە ئاوا پتر لە پازدە سەدە بە زیندوویی ماوەتەوە؟ شێعری فارسی بەو هەموو دەسەڵاتە چ لە پێش ئیسلام و چ لە پاش ئیسلام، بۆ تووشی قەیران و چەن دەستەكی و پاشاگەردانی بووە و جەوهەری رەسەنی مۆسیقای زمانە هێند و ئێرانیەكانیان لە پانتایی شێعری فارسی دا، بۆ راست نەبۆتەوە و بەو شێوە وان لە دۆخێكی دژبەری و ئالۆسكاوی و پارادۆكسیكاڵدا؟ بۆ شێعری كوردی سۆرانی لە ژێر دەسەڵاتی عەرووزدا پشتی راست نەكردەوە؟ هەمیشە پرسگەلێكی ئاوا مێشكی منیان ئازار دەدا. بۆ وەرگرتنی وڵامی ئەم پرسانە، سەرچاوەگەلێكی زۆرم لەم بەستێنەدا، پشكنی. سەرچاوە مێژوویی و ئەدەبییەكانی پێش ئیسلام:

دەقە كۆنە ئێرانییەكان (ئەوێستا، سەنسكریت و...)، ناڤینە ئێرانییەكان (پارتی ئەشكانی و پەهلەوی ساسانی (قەواڵەكانی هەورامان، درەختی ئاسووریك و...)، بەراوردكاری ئەو سەرچاوانە و دۆزینەوەی توخمە زمانییەكانی هەورامی، هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ ماریفەتوو پیرشالیاری (پێش یان پاش سەردەمی هاتنی ئیسلام)، هەڵبەستی هورمزگان (دەهەی دووەم یان سێهەمی كۆچی)، ئورامەنەكان (فەهلەویاتی بابا تایەر، سەدەی چوارەمی كۆچی و پاراستنی ئەم دابە لە لایەن سەیدی هەورامی (سەدەی 18 یان 19 ی زایینی) و بێسارانی پارێزەری مۆسیقای رەسەن، و تا شێعری هاوچەرخ (1). بەو ئاكامە گەیشتم كە لەم پرۆسە زەمەنیە (15 سەدە)دا، دیاردەیەكی زمانی و جەوهەری هەیە كە توانیوییەتی ئەم هێڵە ببزوێنێ ویەردە (رابردوو) و ئەكنوونی ئێمە پێكەوە گرێ بدا، ئەویش توخمێكی مۆسیقای زمانیە بە ناوی "نەغمە" كە لە گەڵ لیریكای كوردیدا كۆك و هاوتەریبە و بە باشی مومارەسەی هونەری لە گەڵدا دەكرێ.

نەغمە لە واتای قامووسیدا یانێ سروود و گۆرانی و وتنەوەی هەڵبەست، ئاواز و هتد (ترنم و تغنی). بە ڕەچەڵەك ڕەگەزێکی مۆسیقاییە. هاوسەنگی ئەم وشە (غنا) لە عەرەبی و "Lyr" لە یۆنانیدا، شێعری لیریك (غنایی) شێعرێك کە بە ئامێری (لیر) دەخوێنرایەوە و (مەلحوون) دەکرا. کە ئێستا بە پانتایی شێعرێك دەوترێ کە تەعبیر لە هەستی تاکی و خولگەی ڕۆحی شاعیر وەك ژیاندۆستی، دەرد و ژان و خۆشەویستی نیشتمان، ئەوینی تاك و ... دەکات. لە ئەدەبی یۆناندا. "ترپسیکۆر" خواوەندی سەما و "ئێرۆس،Eros" خوای یۆنانی- ڕۆمی عەشق و لیریك بووە، کە دەبێ لەم خولگە مۆسیقاییەدا سەماکەر بە پێوەندی لەگەڵ "لیر" بە خوێندنەوەی شێعری عاشقانە، بە جووڵە و حەرەکەتی ریتم ئامێز، چوارچێوەی پێش فەرزە نەریتیەکان ببەزێنێ و بچێتە ناو ئاسۆگە پاش وەختییەکانی ئەوین و عەشقەوە (2)

بەر لە ئیسلام بایەخی مۆسیقا و گۆرانی پتر بوو لە شێعر. شێعر تەنیا بۆ سامانی ئامرازی مۆسیقا و گۆرانی بووە، بەهونەرێکی سەربەخۆ نەدەژمێردرا. بۆیە لە چاخی پارتییەکان "گوسان"ەکان کە بە ئامێری مۆسیقا، ئاهەنگیان دەهەژاند و شێعریان بە سروود و گۆرانی دەوتەوە. لە سەردەمی ساسانییەکان باربد و نەکیسا و بامشاد و رامتین و... (خونیاگەرەکان) سروودی خەسرەوانیان لە دەربارەکاندا بۆ شاکان و مووبەدەکان و ئاورگەکان و خواوەنەکان دە هۆنییەوە. لە سەردەمانی دوایشدا، "عاشیق، عاشوق"ەکان (سترانچڕان) ئەم کارانەیان دەکرد.

لە ئەدەبی کوردی فۆلکلۆری پاش ئیسلامیشدا، لە لایەن بێژەرانی کوردەوە، وتنەوەی بەیتەکان و شێعری شاعێرەکان، بەحەیران و لاوك و هۆرە و سیاوچەمانە، تەعبیر لە پراکتیزە کردنی ئەم چەشنە هونەرە دەکات. ئێستاش لە گۆرانی فۆلکلۆر یان رەسمی دا، شێعرە عاشقانەکانی بێسارانی و مەولەوی و نالی و وەفایی و هێمن و هەژار بە هۆی لە تێهەڵکێشی چەمکی (ئێرۆس) ، هەستی ئەوین و سرووشتی کوردستان بە سانایی دەکرێنە گۆرانی و پانتایی لیریکای کوردی پێی دەوڵەمەند دەکرێت. شێعری کوردی بە گشتی و شێعری هەورامی بە تایبەت، دەبێ بە لحن بخوێنرێتەوە(مەلحوون) تا لە پێکهاتە چڕی هاماوە دەنگەکانیدا، توانستە بزۆز و پەنهانەکانی لە هێڵی دەنگ و مۆرفێم و وشە و لێکدراوە و رستەدا وێنا بکرێن. چوونکای زمانی نویسار، تەنیا رێژەیەکی زۆر کەم لەو قابلیەت و توانستانە، جێبەجێ دەکات. هەر ئەم خاڵەیشە لە واقێعدا، لیریکای هەورامی لە گەڵ لیریکای یۆنانیدا پێکەوە گرێ دەدا.

ئەم چەشنە لیریکا (شێعری عاشقانە، Love liric) فەلسەفەیەکی تایبەتی هەیە لە ئەدەبی یۆناندا، دەگەرێتەوە بۆ چاخێك کە ژنان دەسەڵاتیان هەبووە و پیاوان بە چۆکدان لە ژێر سەیتەرەی ئەواندا بوون (چاخی کشت و کاڵی، ژن سالاری و...) لەم چاخەدا ژن خواوەندی دەسەڵات بووە و پیاوان بە شێعر پیاهەڵدان و تەوسیفی جوانی و ئاکاری ئەوانیان کردووە. ئەم چەشنە شێعرە ئێستا زۆرتر لە شێعری کلاسیکی هەورامی دا دەبینرێ. دەتوانم بڵێم هەفتا لە سەدی شێعری کلاسیکی هەورامی ئەم چەشنە شێعرەیە. ئەگەرچی لە شێعری کوردی سۆرانیدا شێعری عاشقانە زۆرە، بەڵام بە هۆی ئەوە کە لە ژێر رکێفی پێشوەختی مۆسیقای عەرووزی عەرەبی و فارسیدا بووە. لە ئاستی جوانی ناسییەوە نەیتوانیوە کە سنووری (ئێرۆس) و پانتای مۆسیقای باوی نەتەوەکانی تر (عەرەب و فارس) ببەزێنێ و هەڵگری ئەو دابە مۆسیقاییە بێت.

نەغمە ئەو هاماوە دەنگ یان ئەو هێشوە دەنگانەیە کە لە پێکهاتەی هێجادا، چڕی دەنگ و مۆسیقا، درووست دەکات و پێکەوە نەگونجانی برگە کورت و درێژەکان ئەشارێتەوە و خۆی لەگەڵ کێش ناسی عەرووزدا، جیا دەکاتەوە و دەبێتە کمپۆزیسیۆنی "شێعر" یان "ریتم" لە شیعردا و زەمینە بۆ رەخساندنی هەستیاری لیریکا ئامادە دەکات. ئێستاش لە بارەی چەمکی "ریتم" ئاوڕێك دەدەینەوە و ئەنجا دەچینە ناو پانتایی ریتم ئامێزی لیریکای هەورامییەوە: کە باسێکی مۆسیقایی زمانەوانییە:

**چەمکی ریتم "Rhythm" (هارمونیا، کمپۆزسیۆن)**

**جیاوازی ریتم و کێش ناسی عەرووز:**

عەرووز لەسەر پێکەوە گونجانی ژمارە و یەکسانی برگە کورت و درێژەکانە لە دوو دێردا. (کێشی چەندی، کەمی) و یەکسانی و وەستاوی دەنگدار و بێ دەنگەکان.

**نموونە بۆ دەرکەوتنی مۆسیقای پێوەر و تەقلیدی و پێشوەختی عەرووز:**

**بە ناڵەی دڵ شیفام نایێ دریغ بۆ مەرهەمی جەرگم**
**لە زەنگی کارەوان چ بکەم دەلیلی کارەوان رۆیی**
**(وەفایی)**

کێشی ئەم بەیتە لەسەر چوار پات بوونەوەی (مفاعیلن)ە لە هەر دێڕێکدا. بەڵام ئەم نموونە بۆ ریتمی مۆسیقای رەسەنی شێعری کوردی سۆرانی لە مامۆستا گۆران:

**لە گەرووی شمشاڵ، لە تەلی کەمان**
**گەلێ هەڵساوە ئاوازی جوان جوان**

**ئاکامی پێکەوە نەگونجانی پرنسیپەجەوهەرییەکانی زمانی کوردی لەگەڵ عەرووزی تەقلیدی عەرەب لەم خاڵانەی خوارەوەدایە:**

1-فرە چەشنی و فرە دەنگی توخمە زمانییەکانی کوردی: بزوێنی کورت و درێژ و لێکدراو (دیفتونگ Diphthong) بە نسبەتی زمانی عەرەبی و فارسی. بە پێچەوانەی زمانی فارسی کە تەنیا سێ بزوێنی کورت و درێژی هەیە، لە زمانی کوردی هەورامیدا، بزوێنەکورتەکان چوارن و بزوێنەدرێژەکان پێنج، و بزوێنە دیفتۆنگەکانیش حەوت. بەم چەشنە:

وێ ← کوێر ئاو ← پڵاو ەی ← مەی وێ ← لالۆێ ەو ← شەو ێ و ← دێو ای ← ئای

بێ دەنگەکانیش جگە لە بزوێنەکان، پاشماوەی واچەکان دەبنە بێدەنگ. خاڵی بەرچاو: پاژێك لە بێدەنگەکان خۆیان بەپێی خوێندنەوە بە دوو چەشن دابەش دەکرێن: (ل، ڵ – ر، ڕ – ف، ڤ – د، د –و...) کە واچەی "د" تەنانەت لە کوردی سۆرانیشدا نیە، هەروەها کە لە فارسیدا. وەك: ئەدا: دایك گەدێ: گەدە و...

2-پێکەوە نەگونجانی برگەی زمانی کوردی و فارسی و عەرەبی. لە فارسی و عەرەبیدا سێ جۆرە: کورت (U دوو پیت) درێژ(--سێ پیت)، کێشراو (– U 4 یا 5 پیت). بەڵام کوردی بە هۆی چەمکی نەغمە(کرکە)وە یان (هێشوە دەنگ) – خۆشەی سەوتی – کە چەشنێکی تایبەتی خوێندنەوە (مەلحون)ی ئەوێ بۆ دەرکەوتنی پرۆسەی بزاوتوویی ئەم زمانە و رەگەزێکی رەسەنی مۆسیقاییە بۆ جەوهەری مۆسیقای شیعری کوردی کە بە داخەوە لە شێعری کوردی دیالێکتی سۆرانی دا، لە مەودایەکی زەمەنیدا (لە لایەن قوتابخانەی سێ کوچکەی بابان بە هۆی دژبەری و ململانێ لە گەڵ قوتابخانەی ئەردەڵاندا) بەلاڕێدا چووە. بە هۆی توانەوە لە ناو زمانی عەرەبیدا لە مەکتەبخانەکان و مزگەوتەکاندا ئەم ئوسلووبە وەلاوە نرا ئەویش بە داسەپاندنی مۆسیقایەکی چەپێنراوی بیانی بۆ

شێعری کوردی که هیچ وەخت رازاوەی قامەت و هەیکەلی زمانی کوردی نەبوە و نیە. بۆیە بۆ ئەم هەیکەلە، هەمیشە بەرگێکی زۆر تەسك و تروسکی نواندوە... بۆ وێنە واژەی (باوانم، باوانم) هیچ کات ناچێتە ناو هیچ قاڵبێکی تەفعیلەی عەرەبیەوە.

لەو شێعرەی مامۆستا گۆران دا، وشەی "جوان" (6) واچە- بە بەرچاوگرتنی بزوێنی درێژی (ا) بە دوو پیتی عەروزی- ەی هەیە کە بە پێی قاوغی تەنگیبەرانەی عەرووز ئەبێ دو بڕگەیی بێ، بە ڵام دەبینین ساف و بێ گرێ لە جێی یەك بڕگە دانراوە، بێ ئەوەی هەست بە ئاڵۆزی کێشەکە بکرێ. یان لەم دێڕەی مامۆستا هەژاردا:

خوڕە و چاوەندازی هەڵدێر

بازی "ئاسك" ئاوازی بلوێر

"ئاسك" بە پێی فۆنێمە کوردیەکان، 6 واچە، کە یەك بڕگە بە ئەژمار دێ.

لە مەودایەکی هەستیاردا، خۆشبەختانە مامۆستا گۆران گەیی بە هانای شێعری کوردی سۆرانیدا، لە سەر ئەو بنەما مۆسیقاییە شیعری کوردی سۆرانی لەداوی عەرووز رزگاری کرد و گەڕایەوە بۆ جەوهەری نەغمەی هیجایی(کرکە).

با باسێك لەسەر ریتم بکەین و دوایی بێینەوە سەر هارمونیای دەنگەکان لە شێعری هەورامی.

ریتم وشەیەکی بە رەچەڵەك لاتینی و نزیکایەتی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە. (نزیکە بە وشەی رەزم، کە لە کوردیدا دەڵێن: بەزم و رەزم، تێبینی: مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی لە مەڕ وشەی ریتم) بە عەرەبی دەڵێن (ئیقاع)، فارسی (وەزن). واتای قامووسی: یانێ هەڵقوڵین و رەوتی ئاو، بە دوای یەکدا هاتنی دوبارە بونەوەی نێوان دۆخە هاودژەکان وەك: دەنگ و بێدەنگی، درێژی و کورتی، خێرایی و هێواشی، هەڵچوون و هێور بوونەوە و ... ئاینده ژماره 53 ل 16

"ریتم خەسڵەتی بنەرەتی و دانەبڕاوی هەموو ژانرەئەدەبیەکانی ئەدەب و هونەرە و بە تێکڕا و دیاردەیەکی زیندوویی جیهانی سرووشتی و گەردوونییە. ریتمی شانۆ، ریتمی تابلۆ، ریتمی سەما، ریتمی پەیکەر، ریتمی تەلار سازی، ریتمی رەنگ ، ریتمی کەیهان ، ریتمی عەشق و دادپەروەری و .... ئیفلاتوون دەڵێ: "کەسێك بە شێوازێکی رێك و پێك و هارمونی ئامێز، پەروەردە بکرێ، مەحاڵە زۆرکار بێت."

سەرچاوەی تیۆری ریتم دەگەڕێتەوە بۆ » فیساغورس « کە دەیگوت: هەڵسووڕانی تەنە ئاسمانییەکان و مەودای زەمەنی ئەوان لە یەکتر، لەسەر بنەمای رێساگەل و پێوەندی گەلێکی رێك و پێك و هارمونیایی دانراوە کە پێی دەڵێن مۆسیقای کەیهانی.

ئەم روانگە و تیۆرەمۆسقاییە لە فەلسەفە و شێعری ئیسلامیدا کاردانەوەی هەبوە. لەسەر روانگەی زانایانی (اخوان الصفا) کە دەیانگوت: هەڵسووڕانی تەنە ئاسمانییەکان و جووڵەی ئەستێرەکان نەغمەیەکە لە مۆسیقای کەیهانی. هەر بۆیەکانێ ئەم دیاردە کاریەخشیەکی لەسەر دۆخی مەولانای رۆمی دانا و دەیگوت:

**بانگ گردش های چرخ است این که خلق**

**می سرایندش به تنبور و به حلق**

لە واقیع دا، دیوانی غەزەلیاتی مەولەوی، گورێزێکە لە هەموو نیزام و عادەتی و نەریتی رەچاو کراو و گەڕانەوە بۆ ئەو سیستەمە مۆسیقاییە. لە راستیدا، بابەتی "مەنزوومەی شەمسی و کەیهانی"، رازاوەی ئەو شاکارە نەمرە و زیندووەتە:

**پس غذای عاشقان آمد «سماع»**

**که درو باشد خیال اجتماع**

ریتم لە شیعردا "بەچەمکە مۆدێرنەکەی گریمانەیەك لە تیۆریزە کردن و پراکتیزە کردندا، بریتیە لەو فەزایە کە پەیوەندییە پێکەوە گونجاوەکان لە دەقی شیعردا لە خۆدەگرێ. جا ئیتر سەر بە پێکهاتەی دەرەکی بێت یان ناوەکی، بیستراو بێت یان بینراو، هەست پێکراو بێت یان زەینی. ریتم لە شیعر و موزیکدا، پێوەندی دیالێکتیکیان هەیە، گرێدەری ئەم دوانە ریتمی سرووشت و ریتمی ویژدانی و هەستیاری مرۆڤە..." (ئاینده ژمارە 53)

بەشەکانی ریتم: 1-دەرەکی (عەرووزی) 2-ناوەکی: خۆی بە دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکرێ: الف: بیستراو: ئەمیش چەند پاژە: ریتمی فۆنۆلوژی، سەروابەندی، رێزمانی ب: زەینی: کات و شوێنی روداو رەنگەکان بەرجەستە دەکات.

لێرەدا، باسی من لەسەر ریتمی نەغمەی شیعری هیجاییە: یانێ ریتمی ناوەکی بیستراو:

پێکەوە گونجانی دەنگدار و بێدەنگەکان (تەقلیدی و پێشوەختی نییە)، لەم ریتمەدا، شیعر پێویستی بە قاوغی عەرووز نیە بەڵکوو ئەمە شەپۆلە مۆسیقای دەنگە کە جیاوازی بڕگەی کورت و درێژ دەشارێتەوە و تەنگیبەری و بەرتەسکی بۆ ئەفراندنی شیعر درووست ناکات. ئەم خسڵەتە دەگەرێتەوە بۆ زەخیرەی مۆسیقایی زمانی کوردی(هەورامی کە لە جەوری هەناوی خۆیدا بە شێوەی پتانسێل ئەوە شك دەبات کە لەو پرنسیپە فرە و زەبەنانە کەڵك وەربگرێت و پێویستی بە پێشفەرزی عەرووزی عەرەبی نەبێت.

ئاماژە بە شیعری بێسارانی و شایەکەی مەولەوی: دوو فاکتی هەست پێکراو بۆ نەغمە و تەقینەوەی هاماوە دەنگ و ریتمی ناوەکی بیستراوە:

**چراغم بە چین، چراغم بە چین**
**ئەر چینی زوڵفت، بدەو بە ماچین**
**ئەر یەکتای چینت، بدەوە بە گردچین**
**کافر بوو، ئازیز، بەر بشۆ جەدین**
**ئەر قەوسی ئەبرۆت بدەو بە حیجاز**
**ئەر مژەی دیدەت، بدەو بە شیراز**
**ئەربەینت بدەو بە خەتا و خوتەن**
**ئەر رێژەی رازت، بدەو بە ئەرمەن**
**ئەر لەبی لاڵت، بدەو بە کەشمیر**
**ئەر بدەون بە هێند سلسلەی زەنجیر**
**ئەر سیب زەنەخ گوڵ خونچەی دەهان**
**بدەوش بە یەکسەر تەمامی جەهان**
**ئەر پاو پووزت بدەو بە گەنجە**
**ئەر بدەو بە میسر ئەو دەست و پەنجە**
**ئەر بەژنی باڵات بدەو بە ئێران**
**سەد هەزار کەرەت یانەم بۆ وێران**
**سەراسەر عومرم گردشۆ بە تاڵان**
**جاگەم جە بەر بۆ نەپای ئەوداڵان**
**پەی چێش، جەلای من، باڵا زەر ستوون**
**تەنیا تۆ هەنی نەرووی دنیای دوون**
(دیوانی بێسارانی، ل 143 ـ 142)

تەختە نیگارەکەی مەولەوی (شایێکی نەبینراو). ئەحمەد بەگی کۆماسی شاعێری هاوچەرخی مەولەوی، قەسیدەیەك بۆ مەولەوی دەنووسێ، باسی شایی تیا کردووە، ئاخی هەڵکێشاوە کە گوایێ مەولەوی لەو شاییەدا، بەشدار نییە، ئەمیش لەم قەسیدەدا وڵامی دەداتەوە. وێرای خولقاندنی ئۆرکێسترێکی مۆسیقایی وێنا کردنی دەنگ و رەنگ پێکەوە، ئاوڕیشی لە دەروون و هەستی سۆبژێکتی خۆی داوەتەوە، کە شاکارێکی فورماڵیستی شیعری کلاسیکی کوردییە. دەنگ و نەغمەی توخمەکان و

ئامێرە مۆسیقاییەکان بێ ئەوەی مەولەوی ئەو شاییەی دیتبێ پێکەوە تێکاڵاون.

تابلۆی ئورکێستری مۆسیقا و تەقینەوە هاماوە دەنگەکان:

**نامەی نەفتینت یەك رۆ باد ئاوەرد**
**کڵپەی بڵێسەی کوورەم زیاد کەرد**
**دەڵاڵەت جۆشۆچوون روی ئازادی**
**گەرمەی گەرم نەزم، بەزم پڕ شادی**
**سەدای (لاو هەی لاو)، زرەی زەڕ زەنجیر**
**سڵسڵە و بانی سەر، بەند زرێ و لاگیر**
**زیلەی گوارە و زرنگەی زەنگڵەی زەڕ**
**لەرزەی نەو نەمام لەرەی لیمۆی تەڕ** (چەمکی ئیرۆس و شکاندنی تقالید)
**شەوق زەوق و بەرق فەرق زەڕ کڵاو**
**ورشە و پرشەی خووی کوڵم بۆگڵاو**
**شەقە و تەقەی گەرم، چەپڵەو چیلەی نەرم**
**چریکەی وەناز، تریکەی وە شەرم**
**سەمای دەسماڵان، رەمای نەوهاڵان**
**نەمای مەلالان، نومای وەش حاڵان**

**چفەی گەردەن کەچ، مەرگ من چێش واچ**
**خاین وەخەفەت، نەزان، جگەر پاچ**
**لارەی قەتارەی لاوشەدە لاران**
**ئیشارەی کەم کەم پەنجە وشاران**
**شاخەی شریخەی خشڵ نیمە رەنگ**
**فرەی فۆتەی شۆڕ پاژنۆی گوڵەنگ چەنگ**
**خشە و خشپەی خاس، ترپەی پەنجەی کەوش**
**عیشوە و نەزاکەت، کرێشمەی بێ خەوش**
**وە لیمۆی ئاڵای کاڵای باڵای شەنگ**
**قرچە و چۆقەی جەرگ، دڵ وەخەمان تەنگ**
**خەمیا و چەمیای ناز نیمچە کناچان**
**دەنگ هەی شاباش نەوجوان واچان**
**شاباش شادی ی شەیدای شاباشان**
**خاس خاس کزەی سۆز دەروون خاش خاشان**
**یاران، یاوەران، های دەردەداران**
**بەیدێ بکەردێ من وە سەنگ واران**
**جە نەحسی تاڵە و جە بەد ئیقباڵیم**
**هەر کۆ فرسەتەن من یاگە هاڵیم**
**روو ئەو شیوەنان دەی ئەجەل بۆرێ**
**نەو بەزم شیرین مایەی هەر شۆرێ**
**تاوەی رەنگ زەرد چوون خەزانەوە**
**سیم ساف هەرس کەس نەزانەوە**
**هەر لایێ بادەی شەوقیۆوم وەردا**
**یەکسەر، سەر چوون گیان شاباشم کەردا**
**خاڵۆ گیان نامان پەی نەو نەمامان**
**گیان دان وە مۆبەت، پەی مەعدووم ئامان**

دیوانی مەولەوی: ل، 436-431

دەبینین لەم دوو چامە لیریکا ئێرۆس ئامێزەدا، وێڕای پاراستنی ریتمی ئاسۆیی و شەپۆلی هێشوە دەنگ و داپۆشینی مۆسیقای دێرەکان، شاعێری هەورامی بە پێچەوانەی غەزەلی سۆرانی و تەنانەت فارسی کە بەیت سەر بە خۆیە، واتە لە تەوەرەی ئەستوونی (بونیاتی ریتمی ئەستوونی) دا، یەکیەتی بابەت و گرێدانی بەشەکان، لەدەنگسازییەوە تا وشە سازی و تا پێکهاتەی شێعرەکە دەبینرێ. لەم پێکهاتە شێعرییەدا، یەك قەسیدەیەك بۆ یەك بابەت، تەرخان دەکرێت. ئەم خاڵە وەك پرەنسیپی سەرەکی لە شێعری شاعێرانی زاراوەی سۆران و فارسی زمانەکاندا نابینرێ.

هۆکاری لاوازی یەکیەتی بابەت و نەبوونی ریتمی ئەستوونی(هاونشینی) لە شێعری کلاسیکی فارسی و کوردی سۆرانی:

1-ئەم میراتە بە جێماو لە نەریتی شێعری عەرەبە، کاریەخشی لەسەر شێعری فارسی لە پانتایی جوگرافیای ئیسلامدا داناوە.

2-هۆکاری کۆمەڵایەتی، لەوەی کە شێعر بۆ جەماوەر و خزمەت بە خەڵکی شەقام نەبووە، بەڵکوو

لەخزمەتی دەربار و دەسەڵاتداریێتیدا بووە، پێیان خوش بووە تەوسیف و پیاهەڵدانیان بۆ بکەن. بەم هۆیەوە شاعێران نەیانتوانیوە یەکیەتی و یەکبوونی بابەت و دەق بپارێزن.

3-"شێعری سۆرانیش، لە سەر پێڕەوی ئەم دابە بیانیە، تەنیا خەریکی ریزکردنی پاشبەند و عەرووزی عەرەبی و فارسی بوون ویستوویانە، لەسەر شێوەی سەعدی و حافز و سائب و کەلیم و...، شێعر دووپات بکەنەوە." (ئاینده ژمارە 15، عەبدولڕەزاق بیمار)

بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، شاعێرانی سۆران و فارس تا توانیویانە لە هێڵی ئاسۆیی(جێنشینی) شێعردا، بە گەمەزمانیەکان و وێنەخەیاڵبەندیەکان، هونەرنومایی یان کردووە، مەحوی و نالی و ناری و کوردی و مەنوچیهری و فەڕۆخی و ناسرخەسرەر و...

4-قاڵبیش، وەك هۆکارێکی سەرەکی بۆ لاوازی ریتمی ئەستوونی شێعری شاعێرانی سۆران، ڕۆڵی بەرچاو ئەبینێ::

قاوغی شێعری سۆران، بەستراوە بە قاڵب و قاوغی تەقلیدی فارسی و عەرەب (قەسیدە و غەزەڵ) کە وزەی هونەریان، تەنیا لە پاشبەند و ریزکردن بە پیڕەوی لە فورمی ئەو دوو نەتەوە، هێناوەتە گەڕ.

بەڵام شاعێرانی هەورامی تەنیا فۆرمی مەسنەویان بە کار بردووە، کە پێش فەرز و چێوەدار نییە، زێهنی شاعێر نابەسێتەوە بە چەند دێری دیاریکراو، بەڵکوو کە لە ناخدا هەڵگری جووڵە و دینامیزمی تایبەتی خۆیەتی.

**پرۆسەی بزاوتوویی شێعری هەورامی (دینامیکییەت)**

**سەرەتا چەن فاکت بۆ دینامیزمی شێعری هەورامی:**

1-نزیکایەتی بە سروشتی هەورامان و رەنگدانەوەی وەرزەکان و ئەفراندنی تەجرووبەی تاکی.

2-ئیماژی وێچواندن، وەك ئاسایی ترین وێنەی هەست پێکراو بۆ راگەیاندنی دەلالەتی هێڵی پەیام لەنێوان نێرەر و وەرگر.

3-هاوردنی کردار(هەرمان)، وەك توخمێکی میکانیکی بۆ ئەکتیو کردنی رەوتی پەیامەکە.

4-پارادۆکس و دژبەری دیاردەکان و خولقاندنی وێنەی ئەکتیو و پڕجووڵە.

5-هارمونی رەنگەکان، هاوتەبا لە گەڵ تەجروبە تاکەهونەرییەکانی ئەفراندن:

غونچەی گوڵ سۆسەن لە هەوەڵی بەهاردا، تازە دەپشکوێ و بۆنی خۆشی بە هەموو لایەك بڵاو دەبێتەوە و سەرخۆش لەم دیمەنە، لاف لێدەدا خۆی بە زوڵفی یار دەشوبهێنێ، بەڵام دەڵێ زوڵفی یار چین چینە. نەسیمی بەهاریش کە لە چینی زوڵفی یاردا، خۆی حەشار داوە، ئەم لافە دەبیسێ و لەو شوبهاندنە، زویر و تووڕە دەبێ. بە قارەوە دەکێشێ بەدەم غونچەدا و دەمی خوێناوی دەبێ. (بە شێوەی مەجاز یانێ: گوڵ دەپشکوێ).

نموونە:

**سۆسەن گوڵێ دیم بۆش چوون عەنبەر بێ**
**دەهەن شکستەی بادی سەحەر بێ**
**یەقین خۆ نەوخێز، خونچە ساوا بێ**
**جە وەش بۆش ماواش خوتەن ئاوا بێ**
**واتش: منیچ بۆم، وێنەی بۆی زوڵفەن**
**وەلێ ئەو چین چین سەرتاپا کوڵفەن**
**نەمز بای شەماڵ، جەو زوڵف دەستە**
**چەنەش مەژنەوۆ، چن لاف بەی جەستە**
**بێ حساب قاری، نەدڵ مەبەرۆ**
**بێ جا، دەهانش شکست مدەرۆ**
**جە پێکای ئەو لاف بێ مەوزوونەوە**
**هێمای دەهانش ها بە خوونەوە**

<u>نموونە بۆ پارادۆکس: دژ بەری لە ناتەبایی چییەتی وێنەکان:</u>

**چراغ رەزان بۆ، چراغ رەزان بۆ**
**خاس ئێدەن گڵکۆم نە پای رەزان بۆ**
**نزیك وە پرشنگ پای قەڵوەزان بۆ**
**ئامێتەی خاکم، وەڵگی خەزان بۆ**
**با خاکی گڵکۆم خاکی نەو نە بۆ**
**با یەکجار کۆنەی سەدساڵ کۆنە بۆ**
**بەڵکە قیبلەی وێم جە ناگا جاریٚ**
**بەیۆ وە سەیران عەزمی شکاریٚ**
**نابەڵەد بنیۆ پا وە گڵکۆم دا**
**وەقەبری تازەی تەنیایی نۆم دا**
**تا جە چێر سەنگ، ساکن بۆ دەردم**
**نەوا سەنگ سۆچۆ بە ئاهی سەردم** (دیوانی بێسارانی)

سۆتەی (سووتاندن) لێرەدا هێمای عەشق و ئەوینە و ئاهی سارد رەمزی مردن و رەمەق چوونە. کە ئەم دوو وێنە دژبەری یەکن و لە هەمان کاتدا، یەك وێنەی خولقاندووە. گەرەکیە بڵێت: »چراغ، تۆ لە پای رەزان (باخە مێو) کە گڵکۆکەم لەوێدایە، نابەڵەد پێ بنێی بە سەر ئەو قەبرەی کە گڵەکەی تازە نییە و بەڵکوو گڵی کۆنەی سەد ساڵەیە، بەشکە ئازاری ئەوینم سارێژ ببێ، ئەگینا ئاهی سەردم، بەردی گۆڕەکەم ئەسووتێنێ. یانێ لە مردنیشدا وام لە بەندی عەشقی تۆدا.«

یان:

**ئافتاو پێوار بی، ئافتاو پێوار بی**
**وەختێ جە مەغریب ئافتاو پێوار بی**
**جەمینش نە بورج تەشاو دیار بی**
**پەیوەست گەرمی وەخت سوب و ئێوار بی**
**بە نووری جەمین شەوق ئارای تەمام**
**یاونا وە هەم، وەختی سوب و شام**
**پرشنگی نوورش پەی پەی مەشانا**

**من دەرسات نەڕووش لافەتام وانا** (ل 101 سرود خزان)

"لە عالەمی ئوبژێکدا ئاوا بوون و هەڵاتن، لە یەك کاتدا گونجاو نیە." کاتێك هەتاو ئاوا دەبێ، هاوکات لە گەڵ ئاوابوونی خۆر، وێنای جەمینی یار لە پەنای بورجی تەشاو هەڵدێ. بەرووناکی شەوق ئارای یار، سوب و شام دەگەن بە یەك.

**هارمۆونی دیاردەی رەنگ لە رێژەی رووکردی هونەری بێسارانی وەك شاعێری خاوەن "ئەدگار و رێباز" لە شێعری هەورامیدا:**

شێعری کوردی، بە تێکڕا، لە حەوزەی وێنەکاری رەنگدا زۆر دەوڵەمەند نیە. ئەڵبەت لە بەراوردی نێوان شێعری فارسی و کوردیدا، لە بواری رەنگدا بە گشتی شیعری کوردی قەڵەوترە. شێعری بێسارانی وەك هەوێنی جەوهەری ئەدەبی نەتەوەیی، خۆشبەختانە خاوەنی ئەم پڕنسیپەیە. ئەڵێم شێعری کوردی هەورامی قەڵەوترە لە فارسی، هۆکاری ئەوەیە:

زۆرتر رەنگەکان لە زاری شەقامەوە دێنەگۆڵاڵەی هونەری وسازبوون. بەڵام ئەم دیاردە لە پێکهاتەی شێعری فارسیدا وەك خاڵێکی ئەرێنی(پۆزەتیڤ) وێنا نەکراوە. ئێمەیش وەك دیاردەیەکی نەرێنی بۆی دەنواڕین. شاعێرانی کلاسیکی فارس بۆ ئەوەی لە خزمەتی ئەدەبی دەربار‌دا بوون، کەمتر خۆیان داوە بە قەرەی زاری شەقام و فەرهەنگی خەڵکی ئاساییدا. واتە لە رووکردە جەماوەرییەکان کەمتر کەڵك وەرگیراوە. بەڵام هەر ئەم شاعێرانە بە تێکڕا هەوڵیان داوە لە رێگای ممارەسەی هونەرییەوە، وەك: پرۆسەی خوازە، کینایە (درکە) و لێکدراوەی تایبەتەوە- کەرووکردێکی رۆمانتیکیانەیە- بۆشاییە واتاییە هەستیاریەکان، پڕ بکەنەوە.

بەڵام هۆکاری لاوازی رەنگەکان لە داهێنانی شاعێرانەدا، لە رابردوودا، یەکەم هۆکاری باری کۆمەڵایەتی و دواکەوتوویی زانستی وپیشەیی بووە، چوون گۆڕانکاری کەمتر هەبووە کە واتە رەنگەکانیش وەستاو و یەکجۆر ماونەتەوە. بۆیە جەغزی داهێنانی رەنگەکان لە ئەدەبی فارسی و کوردیدا بەربڵاو نەبووە.

زبانی هەر نەتەوەیەك لە رێژەی ژینگە و بەستێنەی جوغرافیایی و رووکردی سروشتیدا، رەنگە کانیان جیاواز بوون.کەسانێك کە لە رۆخی دەریا و لاپاڵی کێو و دیمەنی کەسك و گوڵی رەنگاورەنگدا دەژیێن لە گەڵ ئەو کەسانەی کە لە بیابانی بەرەهووت و هەتاوی گەرم و ... دا بەسەر دەبەن، یەك رووکردیان لەبارەی رەنگەوە نیە. بۆ نموونە، هۆزی "دنکا" کە لە باکووری چۆمی نیلدا دەژیین، رێژەی زمانەکەیان لە بارەی رەنگەوە زۆر دەوڵەمەندە "سمۆئیدەکان" لە باکووری رووسیە . بۆ رەنگی سوور 12 جۆر رەنگی تریان هەیە و بۆ هەر کام وشەیەکی تایبەتییش بەکار دەبەن.

لە عەرەبدا، رەنگە سەرەکییەکان: رەش، سپی، زەرد و سوورن. هەروەها بۆ نەتەوەی کورد رەنگگەلی تایبەتی هەیە. بۆ هەر نەتەوەیەك هەر رەنگێکی تایبەتی، بیرەوەرییەکی تایبەتی و بابەتی هەبووە.

بۆ وێنە سەوز بۆعەرەبی جاهیلی، یادەوەری بەهار و لەوەڕگەی ئاژەڵ بووە. بەڵام خۆشیان لە رەنگی سوور نەدەهات و بە وشك ساڵی تەعبیریان دەکرد. دەیان وت: (السنه الحمرا) ساڵی سوور. یان مەرگی سوور (مەیتە الحمرا) یان بای سوور (ریح الحمرا). بەڵام ئەم رووکردە دوایی گۆڕراوە و رەنگی سوور بوو بە هێمای جوانی.

رەنگ بە گشتی، ئامێرێکی داهێنان بووە بۆ شاعێران. تا توانیویانە تابلۆ و تەختەنیگاری جوان بئافرێنن، ئەویش بە رووکردی ئیستاتیکی: پرۆسەی مەجاز (مێتافۆڕ)، خوازە (استعارە)، کنایە(درکە)، (هەستئامێزی)حس ئامیزی و...

بێسارانی لە دیوانەکەیدا، لە هەر چوار رەنگی سەرەکی (سپی، رەش، زەرد و سوور) بە هەستی دیتن و لێکئاوێزی هەستەکان، جوانترین تابلۆی شێعری خولقاندووە.کەڵکی وەرگرتووە.

بەڵام بە هۆی باری رەوانی و پسیکۆلۆژیای کەسایەتییەوە، کە زاڵە بە سەر دیوانەکەیدا (4) لە دوو رەنگی رەش و زەرد زۆرتر رێژەی هونەرەکەی بەرزکردۆتەوە.

بۆ رەنگی رەش کە هێمای دەرد و خەمۆکی و خەفەت بووە، لە لێکدراوەی خوازە، کنایە، مەجاز، یان هەستئامێزی، کەڵکی وەرگرتووە:

سیامار، قەترانی شەورەنگ، زوخاڵ، سیای دوودی تەم، سیاتەم، دەروون سفتە، دەروون زوخاڵ، سیاپۆش، بڵێسەی پڕ دوود، زوڵف دێز، زوڵف مشکین، مشکین خاڵ، کڵافەی مشکین، مشکین سایە، زوڵف حەبەش و ...

ئیمشەو جە خاودا، زوڵف دیزێ دیم
چوون سیاماران، سەراوێزێ دیم
قەترانی شەوڕەنگ وەردەی سەر کوڵف
ستەم زەدەی دەست ناخوون کەندەی توڵف
باوەرش پەرێم چوون تەیری تێژ باڵ
هێمای دڵ یەکسەر بیەن وە زوخاڵ
تەبەق تەبەق هەور سیای دودی تەم
نم دا سەرزەمین وە سێڵاوی چەم
تا کەی هەناسەم، چوون سیاتەم بۆ
تا کەی کونجی دڵ، خەزێنەی خەم بۆ
چراغ قنیاتم بە خیاڵتەن
بە خیاڵی لاڵ مشکین خاڵتەن
زەردیم نە هیجران ئاڵا و واڵاتەن
کڵافەی مشکین، بەژنی باڵاتەن
بە نیم نیگای ناز ناگادیاری تۆ
بە زوڵفی حەبەش پەشێویای تۆ

بۆ ڕەنگی سوور: هوون و لێکدراوی هوون، لاڵ،یاقوت بۆ سوور: هووناو، هوونان، هوونین، هوونین جەرگ، هوونی چەم، موژەی هوون ڕێژ و...

(ل 83 سرود خەزان)

بۆ ڕەنگی زەرد: خەزانی زەردە، زەعفەران ڕەنگ،و...

بۆ سپی: ئیمشەو دڵ جە دەرد، ئیمشەو دڵ جە دەرد

ئا سوب سپی بی، دڵ ئاڵا جە دەرد

هەست ئامێزی:

فیدای باڵات بام زوڵف بۆ عەنبەرین

لەیلای سایەدار زوڵف (خاڵ شیرین)

ژێدەر:

1-لەم بارەوە وتارێکم بە ناو نیشانی "زمان، فەرهەنگ، دەسەڵات" نووسیوە، لەوێدا بە هەڵسەنگاندن و بەراوردکاری، زمانی ئێستای هەورامیم لە ڕەوتی مێژوودا، لەپێش ئیسلام لە سەنسکریت و ئەوێستا و پارتی و پەهلەوی و پاش ئیسلام، ماریفەت و هورموزگان و ئورامەن و یارسان و تا بێسارانی و .... تا و توێ کردووە، لێرەدا ئەو باسانە دوو پات ناکەمەوە. بڕوانن، زرێباری ژمارە53 بهزادی، تهران 1380) و (گۆڤاری ئاینده ژمارە 53 ل 154)

2-ئێرۆس "وشەیەکی یۆنانییە، ناوی خوای یۆنانی - ڕۆمی عەشقە. ئەوەڵین هێزێك بوو، کە کەیهان لەوەوە، خولقێنرا. ئێرۆس، ئەعساب و ئازای لەش وێران دەکات و زاڵ دەبێ بە سەر هزر و پەندە ئاکاری و ئەخلاقی و ئاوەزییەکانی مرۆڤدا. لە ئوستورەکانی دواییدا، ئێرۆس دەبێتە زاڕۆی ئافرۆدێت/ ڤنووس... ئێرۆس، خاوەنی باڵ بووە و لە سەری بووك و زاوادا دەفڕی..." "ئەم چەمکە، مەرجی سەرەکییە بۆ هونەری سەما و لیریك. واتای ئەم وشە یانێ: بەزاندنی سنوورە حەرامەکان و ئاوێتە بوون لەگەڵ ڕۆح." (بڕوانە: کتێبی، فرهنگ نگارەای نمادها در هنر شرق و غرب، نوشتە: جیمز هاڵ ترجمە: رقیە

3-اخوان الصفا (خلان الوفا) دەستەیەك لە زانایانی ئێرانی سەدەی چوارمی کۆچی، کە دۆزی هزرییان گرێدانی حیکمەتی یۆنانی و دینی ئیسلام بووە. ئەیانویست بۆ خاوێنێتی دەروون و بەرز بوونەوەی پلەی کەماڵ، ڕوانگەی ئاوەز و عەقڵی بیریارانی یۆنانی لە ئیسلام و حیکمەتی ئیسلام نزیك بکەنەوە، نامیلکەی بێ ناو و نیشانیان دەنووسی و لە هیرمێس و فیساغورێس و سوقرات و ئیفلاتوون و ... ناویان دەبرد، لەوانە: ابوسلیمان محمد بن معشر البستی (مقدسی)، ابو احمد المهرجانی و...

بڕوانە تاریخ ادبیات صفا جلد 1

4- بەهۆی ڕووکردی ئێش و دەرد و ئازارەوە، کە وەك شێوازێکی تاکی زاڵە بەسەر دیوانەکەیدا، نووسەری ئەم وتارە کتێبی شیتەڵکاری ڕەخنەگرانەی دیوانی بێسارانی، ناوی "سروودی خەزان"ی بۆ هەڵبژاردووە. خەزان خوازە بۆ کەسایەتی درامای دیوانەکە.


سەرچاوە:

1-گۆڤاری ئاینده ژمارە 15 و 53

2-تاریخ ادبیات دکتر زبیح الله صفا جلد 1

3-صور خیال در شعر فارسی - دکتر شفیعی کدکنی

4-دیوانی مەولەوی تاوەگۆزی . مەلا عەبدولکەریم مودەڕێس

5-دیوانی بێسارانی . کەیومەرس نیك ڕەفتار

6-پێشەکی ڕۆمی و تەفسیری مەسنەوی مەعنەوی، ڕێناڵد نیکلسۆن

7-فرهنگ نگارەای نمادها در هنر شرق و غرب، جیمز هال، ترجمە: رقیە بهزادی، تهران1380